# ژیان وبەرهەمەکانی سێ شاعیر
# لە تەلەفیزیۆنی گەلی کوردستان دا

"کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان" لە بەرنامەی هەفتانەی "دیرۆک" دا ئاوڕی لە ژیان و بەرهەمەکانی چەند کەسایەتی کورد داوەتەوە کە بریتین لە مامۆستا حەمەساڵح دیلان، عومەر عەلی ئەمین، ئەحمەی حەمە ئەمین دزەیی، ئومێد ئاشنا، مەلا کەکەحەمەی حاجی سەیفوڵلا، مونیرە قەفتان، هەمزە عەبدوڵڵا و د. عەبدولڕەحمان حاجی مارف لە باشووری کوردستان و چوار کەس لە ڕۆژهەڵاتی ووڵات کە بریتین لە: قەدەم خێری قارەمان و سێ شاعیری نەتەوایەتی کە هەرسێکیان خەڵکی بۆکانن: مامۆستایان سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)، عەباس حەقیقی و محەممەد نووری (عەتری گلۆلانی).

بەرنامەکان لە سەر ئارشیڤی ماڵپەڕی تەلەفیزیۆنەکە پارێزراون و بینەر ئەگەر بیەوێت دەتوانێ سەردانیان بکات و بیانبینێت.

ڤیدیۆکان ژیاننامەی کەسەکان، نموونەی بەرهەمەکانیان، وتووێژ لەگەڵ خۆیان و کەسانی شارەزا، هەروەها وێنە و فیلمی سەبارەت بە هەرکامیانی گرتۆتە بەر.

تۆمار کردنی ژیننامە و کار و بەرهەمی هونەرمەندان بۆ ئێمەی کورد کە ئارشیڤێکی دەوڵەمەندمان بۆ ژیانی کەسایەتییە مێژووییەکانمان نییە، کارێکی گرنگ و سەرنج ڕاکێشە و دەبێ ڕێز لە زەحمەتی کارگێڕانی بەرنامەکە بگیرێت و هیوا بخوازرێت کە لە داهاتووشدا لەسەر ئەم کارە پیرۆزە بڕۆن و ئاوڕ لە سەدان و هەزاران سەربازی وونی گۆڕەپانی ئەدەبی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان بدەنەوە.

من، بە پێی ناوەرۆکی ئەم زنجیرە وتارە کە تەنیا بابەتی سەبارەت بە بۆکان دەگرێتەوە، لێرەدا ئەدرەسی ئینترنێتی بەرنامەی سەبارەت بەو سێ شاعیرە ناودارەی بۆکان دەخەمە بەردەستی خوێنەر بۆ ئەوەی بتوانێت ئەگەر ویستی، سەردانی ماڵپەڕی تەلەفیزیۆنەکە بکات.

فایلی هەرکام لەو سێ شاعیرە لە سێ بەش پێک هاتووە بەڵام بە داخەوە بەشی دووهەم لە فایلی مامۆستا حەقیقی لەناویاندا بزرە و من ناتوانم بیدۆزمەوە. بە هیوای ئەوەی کارگێرانی بەرنامەی دیرۆک ئەم ناتەواوییە تەواو بکەن و بتوانین سەرجەمی بەشەکانی بەرنامەی سەبارەت بە مامۆستا حەقیقیش ببینین.

بەداخەوە ئەو برادەرەی شیعرەکان دەخوێنێتەوە، هەڵەیەکی گەلێک زۆر دەکات و شیعرەکان سەقەت دەکات. بریا پێشتر چەندجاری بخوێندایەنەتەوە.

ئەوە ئەدرێسی ماڵپەڕی "کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان":

http://www.gksat.tv/Default.aspx

ئەوش ئەدرێسی بەرنامەی سەبارەت بە شاعیرانی بۆکان لەسەر  هەمان ماڵپەڕ:

**١. سەید کامیل ئیمامی**

بەشی یەکەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=5726&l=3

بەشی دووهەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=6117&l=3

بەشی سێهەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=6806&l=3

**٢. عەبباس حەقیقی**

بەشی یەکەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=6808&l=3

بەشی دووهەم

??????????????????

بەشی سێهەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article_program&id=7526&l=3

**٣. محەممەد نووری**

بەشی یەکەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article&id=7872&l=3

بەشی دووهەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article&id=8635&l=3

بەشی سێهەم

http://www.gksat.tv/Default.aspx?page=article&id=8636&l=3